# ڕەفتاری شەڕانگێزی لای منداڵان و هەرزەکارانی بەکارهێنەری یاری (PUBG) لە قوتابخانەو خوێندنگەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی دایکان و باوکانەوە

**مريوان عبدالمجيد محمد**

بەشی پەروەردەی تایبەت، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی چەرموو، چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە-** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بۆ زانینی ڕەفتاری شەڕانگێزیە لای منداڵان و هەرزەکارانی بەکارهێنەری یاری (PUBG) یە لە قوتابخانەو خوێندنگەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی دایکان و باوکانەوە بە پێی دیمۆگرافیای بەشداربوان. نمونەی توێژینەوەکە لە (40) منداڵ و هەرزەکار پێکهاتووە کە تەمەنیان لە نێوان(5-18).، هەروەها توێژەر ڕێبازی توێژینەوەی وەسفی بەکارهێناوە، شێوازی وەفسکردن، شیکاری و چەندایەتی بەکارهێناوە. ڕاپرسی توێژینەوەکە لە گەڵ دایك و باوکی منداڵەکان شەیر کرا بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەفتاری شەڕانگێزی لای بەکارهێنەری یاری PUBG کە (25)پرسیاری لەخۆگرتبوو، ڕاپرسیەکە پلەیەکی زۆر باشی ڕەوایی و بەردەوامی بەدەستهێنا. جگە لەوەش، بەرنامەیSPSS) )بەکارهێنرا بۆ شیکردنەوەی داتاکان بۆ (40) فۆرم. توێژەر گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە پەیوەندییەکی ئاماری گرنگ لە نێوان ڕەفتاری شەڕانگێزی منداڵان و هەرزەکارانی بەکارهێنەری PUBG بە تایبەت لە ڕووی تەمەن و ڕەگەزی بەشداربوانەوە بوونی هەیە. دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەم پرسیارانەی خوارەوەی خستەڕوو:ئایا یاری پۆپجی دەبێتە هۆی ئارەزووی توندوتیژی لای منداڵان و هەرزەکاران بەپێی دیمۆگرافیای بەشداربوان؟ پۆپجی چ جۆرە دەرئەنجامێکی نێگەتیڤی لەسەر بەکارهێنەرانی هەیە؟. دیارترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەریخستووە کە کوڕان بە تایبەت ئەوانەی تەمەنیان 11-13)) ساڵانە، ئەو خوێندکارانەی لە قۆناغی بنەڕەتی(ناوەندی)ن لە شاری چەمچەماڵ و کەلار، و زیاتر لە (5) کاتژمێر PUBG بەکاردەهێنن بیری توندوتیژیان زیاترە، و زیاتر هەوڵی هێرشکردنە سەر ئەندامانی خێزان و هاوڕێکانیان دەدەن، هەروەها قسەی ناشرین و جنێودان بەکاردەهێنن. لاسایی ڕەفتاری شەڕانگێزی ئەکتەرەکانی ناو یاری پۆپجی دەکەن، و زیاتر توڕەن و هەستی میهرەبانیان لەدەست داوە و سوکایەتی بە کەسانی دیکە دەکەن، هەروەها بیرلە کوشتنی کەسانی دیکە دەکەنەوە. لە کۆتاییدا، ئەم توێژینەوەیە هەندێك کەم و کورتی، پێشنیار و ڕاسپاردەی بۆ دایک و باوک، توێژەرانی تر، و حکومەت و وەزارەتەکان خستۆتەڕوو بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕەفتاری شەڕانگێزی لەنێو بەکارهێنەری یاری PUBG لە هەرێمی کوردستان.

**کلیلە ووشەکان-** ڕەفتاری شەڕەنگێزی، یاری پۆپجی، منداڵان و هەرزەکاران، هەرێمی کوردستان.

## پێشەکی:

یەکێك لە چالاکییە جەستەیی و دەروونییەکانی منداڵان و هەرزەکاران ئەنجامدانی یاریکردنە، کە ئامانج لێی دابینکردنی پێداویستی (پەروەردەیی و کات بەسەربردن و ئازادکردنی وزەی زیادەیە بە مەبەستی چێژوەرگرتن. هەروەها پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆجیا ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لەسەرهەڵدانی شێوازی نوێ و پێشکەوتووی کات بەسەربردن و یاریکردن. بە تایبەت یاری (پۆپجی) کە یارییەکی ئەلیکترۆنییە و منداڵان و هەرزەکاران لە ڕێگەی مۆبایلی زیرەك و ئایپادەوە بە ئاسانی و بە تێچوویەکی کەم لە هەرێمی کوردستان ئەنجامی دەدەن. (PUBG) یەکێکە لە یارییە ئەلیکترۆنییە بەناوبانگەکان کە لە ئەمڕۆدا شوێنی یارییەکانی تری وەك (بۆکسێن و پلەیستەیشن و..هتد) ویاریە بەسوودەکانی تری گرتووەتەوە. بۆیە لەگەڵ هاتنەکایەی تەکنەلۆژیای نوێ و ئامێرە زیرەکەکان، یاری (پۆپجی) بە شێوەیەکی فراوان بڵاوبووەتەوە و لەلایەن منداڵان و هەرزەکارانەوە یاری پێدەکرێت. یاریکردنی زیاد لە پێویستی (پۆپجی) ڕەنگە کاریگەری نەرێنی لێبکەوێتەوە. وەك: زیادبوونی ئارەزووی شەڕەنگێزی لای بەکارهێنەرانی.

زۆربەی توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە خووگرتن بە یاری پۆپجی کاریگەری نێگەتیڤی دەروونی، جەستەی، کۆمەڵایەتی لە سەر منداڵان و هەرزەکاران هەیە. هۆکارە بۆ دواکەوتن لە قوتابخانە دەسکەوتی خوێندن لای فێرخوازان. بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ (پێنج بەش)، بەم شێوەیە: بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە لەمانە پێکهاتووە: گرنگی توێژینەوەکە، کێشەی توێژینەوەکە، ، ئامانجی توێژینەوەکە، سنوری توێژینەوە، پرسیاری توێژینەوە و چەمك و زاراوەکانی توێژینەوەکە. بەشی دووەم: تیۆرەکان دەربارەی یاری پۆپجی، کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی یاری پۆبجی، توێژینەوەکانی پێشوو لەخۆدەگرێت. بەشی سێیەم بەم

مجلة جامعة التّنمية البشرية

المجلد 12، العدد 2(2026)؛ عدد الصفحات (14)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n2y2026.pp129-142

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 22 حزيران 2025؛ قُبل في 17 أب 2025؛ نُشرت في 10 أيار 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف : mariwan.mohammed@chu.edu.iq

حقوق الطبع والنشر@ مريوان عبدالمجيد محمد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

شێوەیە:. چوارچێوەی پراکتیکی توێژینەوەکەیە کە ئەمانە لە خۆ دەگرێت: ڕێبازی توێژینەوەکە. کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە. ئامرازی توێژینەوەکە. فۆرمی ڕاپرسی. ڕاستگۆیی و جێگیری . ماوەی توێژینەوەکە. جێبەجێکردنی توێژینەوەکە. کەرەستەی ئاماری. بەشی چوارەم: شیکردنەوە و دەرخستنی ئەنجامەکان و ڕاڤەکردنیان لەخۆدەگرێت. بەشی پێنجەم: بە پێشنیار و ڕاسپاردەو سەرچاوەکان و پاشکۆکان کۆتایی بە توێژینەوەکە هاتووە، شایانی باسە لە توێژینەوەکەدا (12) خشتە و (1) شێوە و (6) پاشکۆ بەکارهاتووە.

## بەشی یەکەم:
## چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکەو چەمك و زاراوەکان:

### باسی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە:

#### یەکەم: کێشەی توێژینەوە-Problem Statement:

کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەو پرسیارەوە سەرچاوە دەگرێت کە پەیوەندی نێوان یاری (PUBG) بە ئارەزووی ڕەفتاری شەڕەنگێزی لای منداڵان و هەرزەکاران لە ڕوانگەی دایکان و باوکانەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا چیە؟ لەم ساڵانەی دواییدا دایکان و باوکان، دەناڵێنن بەدەست سەرهەڵدانی شێوازی ڕەفتاری نەرێنی لە نێو منداڵەکانیاندا کە هەستی شەڕەنگێزیان زیاتر بووە بەهۆی ئەنجامدانی یاری (پۆبجی)یەوە. بە تایبەت لەکاتی تەماشاکردن و ئەنجامدانی یاری پۆبجی لەسەر مۆبایلی زیرەك و ئایپاد و کۆمپیوتەرەکان. لەبەرئەوەی بەکارهێنانی یاری پۆبجی، یەکێکە لەو گرفتە باوانەی لەناوکۆمەڵگە بەگشتی و بەتایبەت لای قوتابی و خوێندکارانی قوتابخانەکان بڵاوبووەتەوە. لە لایەك کاری کردوەتە سەر باری دەروونی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی بەشێك لە بەکارهێنەرانی، وە لە لایەکی ترەوە توەژەر درك بەوەدەکات کە توێژینەوەی کەم کراوە دەربارەی کاریگەری پۆبجی و کەمی داتاو زانیاری وورد دەربارەی ئەم کێشەیە. پێویستە هۆکار و کاریگەری نیشانەکانی بە داتاوە بخرێتەڕوو.

بەپێی سەرچاوەکان یارییە ڤیدیۆییەکان بە تایبەت (پۆبجی)، کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر تەندروستی و کولتوور و ئاسایشی کۆمەڵگەی عێراقی- کوردستان هەیە و هەروەها مەترسی لەسەر لایەنی دەروونی و ڕەفتاری وکۆمەڵایەتی و ئەخلاقی زۆرێک لە منداڵان و کوڕان و کچان و قوتابیانی قوتابخانە و زانکۆکان دروست دەکات. تەنانەت لە پەرلەمانی عێراق بە تایبەت لیژنەی ڕۆشنبیری و میدیایی پەرلەمان لە ڕێکەوتی (٢٠١٩\٤\١٧) دەنگی لە سەر قەدەغەکردنی یاری پۆبجی داوە بە کۆی دەنگ و ئاراستەی حکومەت و لایەنی بەرپرس کراوە. چونکە ئەو بۆچوونە هەیە کە کڕین و فرۆشتنی یارییە ڤیدیۆییەکانی پۆبجی پێویستە قەدەغە بکرێن. (Rudaw, 2019)

#### دووەم: ئامانجەکانی توێژینەوە Aim of study

A. زانینی ڕەفتاری شەڕانگێزی لە نێوان منداڵان و هەرزەکارانی بەکارهێنەرانی (PUBG) لە قوتابخانە و خوێندنگەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی دایکان و باوکانەوە.

B. زانینی ڕەفتاری شەڕانگێزی لەنێوان منداڵان و هەرزەکارانی بەکارهێنەرانی (PUBG) بەپێی جیاوازی ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن، باری ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئابووری و شوێنی نیشتەجێبوون

#### سێیەم: گرنگی توێژینەوە Significance of the study

قۆناغی منداڵی و هەرزەکاری بە قۆناغێکی گرنگ دادەنرێت، ئەم دوو چینە بە قۆناغێکی گرنگ و هەستیاردا تێدەپەڕن. لە چینەکانی تری کۆمەڵگا زیاتر پێویستیان بە چاودێری و گرنگپێدان هەیە. چونکە ئەم قۆناغە بە بنەمای دروستبوونی کەسایەتی و داهاتوویان دادەنرێت. جگەلەوەش قوتابیان و خوێندکاران لەم تەمەنەدا ئاستی هۆشیارییان سەبارەت بە مەترسییەکانی یاریە ئەلیکترۆنییەکان بەتایبەت یاری (پۆبجی) کەمە. لەوانەیە تەماشاکردن و سەرنجدانی یاریە ئەلیکترۆنییە ناپەروەردییەکان کاریگەری لەسەر ڕەفتاریان هەبێت و دیمەنە توندوتیژیەکان لە ژیانی واقیعدا پراکتیزە بکەن و لەگەڵیاندا بەردەوام بێت تا قۆناغێکی دواتری تەمەن. بۆیە توێژەر ئەم توێژینەوەیە ئەنجام دەدات، وەك یەکەم توێژینەوە کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ڕەفتاری شەڕانگێزی منداڵان و هەرزەکارانی بەکارهێنەرانی یاری (PUBG) لە قوتابخانەو خوێندنگەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی دایکان و باوکانەوە.

جگەلەوەش توێژەر پێی وایە گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە دەبێتەهۆی دەوڵەمەندکردنی هەگبەی زانستی بۆ توێژەران، هەروەها دەرفەت بۆ توێژەرانی تر دەڕەخسێنێت کە توێژینەوەی زیاتر ئەنجام بدەن لەسەر لایەنە جیاوازەکان و کاریگەرییە نەرێنییەکانی یاری پۆبجی. هەروەها یارمەتی لایەنی حکومەت و لایەنی بەرپرس دەدات تا سوود لە داتا و دەرئەنجامەکانی ئەم توژینەوە ببین بەهۆی تازەیی بابەتەکەوە. گرنگیەکی تری ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە یارمەتی دایکان و باوکان لە هەرێمی کوردستان دەدات تا لە مەترسیەکانی یاری پۆبجی ئاگادارین و نەوەیەک لە منداڵ پەروەردە بکەن کە دوور بێت لە ڕەفتاری شەڕەنگێزی.

#### چوارەم: سنوری توێژینەوە:

- سنوری جێبەجێکردن: ماوەی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە لە نێوان(5/18/ 2024 بۆ 2024/6/19 )ئەنجام درا.
- سنوری کاتی:(2024 - 2023)
- سنوری بابەتی: قوتابیان و خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی، بنەڕەتی، ئامادەیی.
- سنووری مرۆیی: قوتابیان و خوێندکارانی قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان.

**نمونەی توێژینەوە:** قوتابیان و خوێندکارانی قوتابخانە و خوێندنگا حکومیەکانی هەرێمی کوردستان (بازنەی یەکەم، بازنەی دووەم، قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی) هەردوو ڕەگەزی کوڕ و کچ لەخۆدەگرێت.

**پلانی توێژینەوە:** توێژینەوەکە لە سێ بەش و چەند باسێك پێکهاتووە، بەشی یەکەم: باسی یەکەم: دیسکالکولیا، باسی دووەم: نیشانەکانی گرفتی ژمارە. بەشی دووەم: جۆرەکانی گرفتی ژمارە و هۆکارەکانی گرفتی ژمارە. بەشی سێیەم: چوارچێوەی پراکتیکی توێژینەوە، کە (دیزاین، شێواز، نموونە(سەمپڵ)، کەرەستە، میتۆد، شیکاری داتا) لە خۆدەگرێت. بەشی پێنجەم: لەخۆ دەگرێت.

## باسی دووەم: چەمك و زاراوەكان:

**پێناسەی منداڵ و هەرزەکار**

**پێناسەی منداڵان و هەرزەکاران**

**(WHO,2025)**

**یەکەم:**

- **منداڵان:** ئەو کەسانەی لە نێوان تەمەنی کۆرپەیی و گەورەبووندانداییە، واتە پێش تەمەنی بالقبوون.

- **هەرزەکاران،** بەو کەسانە دەوترێت کە دەکەونە نێوان تەمەنی ١٠ بۆ ٢٤ ساڵییەوە، لە کۆتا ساتەکانی منداڵییەوە دەستپێدەکات تا قۆناغی کامڵی، واتە هەرزەکار بە واتای قۆناغی گواستنەوەی گەشەی جەستەیی، دەرونی، کۆمەڵایەتی و ژیری دادەنرێت.

**دووەم پێناسەی ڕەفتاری شەڕەنگێزی:.**

**(Eisner & Malti, 2015, p.860)**

هەر ڕەفتارێکی تاک دەگرێتەوە، کە هەڕەشە بێت بۆ سەر خودی کەسەکە یان زیان بە کەسانی تری دەوروبەری و موڵک و ماڵیان بگەیەنێت و لەناویان ببات. زۆرجار ڕەفتاری شەڕەنگێزی بە شێوەی هەڕەشەی زارەکی دەست پێدەکات بەڵام بە تێپەڕبوونی کات پەرەدەستێنێت و زیانی جەستەیی لێدەکەوێتەوە)

**سێیەم: پێناسەی پۆبجی (PUBG)**

**(Ramadhanu, et al., p. 572, 2022)**

(PUBG) کورتکراوەی (PlayerUnknown's Battlegrounds)ە، یارییەکی فرە یاریزانی ئۆنلاینە و لەلایەن کۆمپانیای PUBG Corporation پەرەی پێدراوە کە لقێکی کۆمپانیای یاری ڤیدیۆیی کۆریای باشوورە .Blueholeیارییەکی ئەکشن-کۆشتنە کە (100) یاریزان بەشداری تێدا دەکەن و شەڕ دەکەن تەنها یەک یاریزان، دووانە، یان تیمێکی چوار کەسی دەمێنێتەوە.Battlegrounds (PUBG) پێشتر بە Player Unknown's Battlegrounds ناسرابوو یارییەکی (battle royale)ە کە لەلایەن (PUBG Studios) پەرەی پێدراوە و لەلایەن (Krafton) بڵاوکراوەتەوە. یارییەکە ئیلهامی لە فیلمی ژاپۆنی ساڵی (2000) (Battle Royale) وەرگرتووە. یەکەم یاری زنجیرەی (PUBG Universe)یە. کە لە ڕوانگەی کەسی سێیەم یان کەسی یەکەمەوە ئەنجام دەدرێت. لە یارییەکەدا تا سەد یاریزان بە پەرەشوت دەچنە سەر دوورگەیەک کە لەوێدا بەدوای چەک و ئامێرەکاندا دەگەڕێن بۆ کوشتنی یاریزانەکانی دیکە. لە هەمان کاتدا خۆیان لە کوشتن دەپارێزن. ناوچەی سەلامەتی بەردەست لە نەخشەی یارییەکەدا هەڵدەبژێرن کە بە تێپەڕبوونی کات قەبارەکەی کەم دەبێتەوە. یاریزانە ڕزگاربووەکان ئاراستەی شوێنێک دەکات کە هەمیشە ئامادەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەکان. هەتا کاتێك دوا یاریزانی (تیپ)ە کە لە ژیاندا مابێت خوڵەکە دەباتەوە (Ramadhanu (572, et al., 2022)

# بەشی دووەم

# (توێژینەوەکانی پێشوو و ڕاڤەکردنی تیۆریەکان و کاریگەریەکانی یاری پۆبجی)

## باسی یەکەم: توێژینەوەکانی پێشوو

**یەکەم: توێژینەوەی(صوالحە و ئەوانی تر، 2016)**

ئامانجی توێژینەوەکە بۆ دەستنیشانکردنی پەیوەندی نێوان یارییە ئەلیکترۆنییەکان و ڕەفتاری شەڕەنگێزی کۆمەڵایەتییە لای منداڵانی باخچەی ساوایان. کۆمەڵگای توێژینەوەکە وڵاتی فەلەستینە، توێژینەوەکە لە ناو منداڵاندا ئەنجام دراوە، نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (280) دایک و باوک. دەرئەنجامی توێژینەوەکە ئەوە دەخاتەڕوو کە یاری پۆبجی کاریگەری نەرێنی لەسەر منداڵان هەیە. بۆ نموونە تێکڕای ناوەندی ژمێریاری (4.13)، پلەیەکی بەرزی ڕەفتاری شەڕەنگێزی لەنێوان ئەو منداڵانەدا دەخاتەڕوو کە یاری PUBG دەکەن، هەروەها ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوە پیشاندەدات، کە پەیوەندییەکی ئەرێنی و ئاماری گرنگ لە نێوان کاریگەرییە نەرێنییەکانی یاری PUBG و ڕەفتاری شەڕەنگێزی لە نێوان منداڵان بوونی هەیە. (Sawaliha et al., 2016)

**دووەم: توێژینەوەی (ڕەحیم و ئەوانی تر ، ٢٠٢٣)**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بۆ لێکۆڵینەوەیە لە کاریگەرییەکانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان لەسەر دەستکەوتی خوێندنی فێرخوازان. توێژینەوەکە لەسەر نمونەیەک لە دایک و باوکان لە شاری ئەلعەین لە ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی ئەنجامدراوە. نموونەی توێژینەوەکە لە (76) دایک و باوک پێکهاتووە، کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردراون، پێکهاتووە لە (٦٤)مێ (84.2%) و (12)نێر (15.8%) لە قوتابخانە بنەڕەتیەکان(ئاستی ناوەندی). دەرەنجامی ئەم توێژینەوەیە. ئەوەی دەرخستووە، کە زۆر بەکارهێنانی یاری پۆبجی کاریگەری نەرێنی لەسەر دەستکەوتی ئەکادیی فێرخوازان هەبووە. بەپشت بەستن بە ئەنجامی توێژینەوەکە، توێژەران هۆشیاریان داوە بە خێزانەکان تا لە مەترسیەکانی یاریە ئەلیکترۆنیەکان بە دوور بن و پێویستە توێژینەوەی زیاتر ئەنجام بدرێت بۆ تیشک خستنە سەر کاریگەرییەکانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان لەسەر دەستکەوتی ئەکادیی قوتابیان بە تایبەت لە ڕوانگەی خودی قوتابیان و مامۆستایانەوە (Rehim et al., 2023).

ئامانجی توێژینەوەکە: بۆ زانینی پەیوەندی نێوان شەڕانگێزی و تایبەتمەندی کەسایەتی خوێندکارانی زانکۆیە. نموونەی توێژینەوەکە لە (٢٥٠) کوڕو کچ پێکهاتووە. کە لە نێو یاریزانانی (PUBG) دا. ڕاپرسیەکە ئاستی متمانەپێکراوی ئەلفا (78) بەدەستهێناوە. لە کۆکردنەوەی زانیاریەکاندا. دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەخاتەڕوو، کە کاریگەرییە نەرێنییەکانی یاری پۆبجی بەشێوەیەکی بەرچاو لە کاریگەرییە ئەرێنییەکان زیاترن. داتاکانی ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی گووگڵ فۆڕمەوە کۆکراونەتەوە. دوای ئەوەی شیکاری پەیوەندی تاقیکردنەوەی (t)یان بەکارهێناوە بۆ شیکاری ئەنجامەکان. ئەوە خرایەڕوو کە ڕەفتاری شەڕانگێزی بەپێی ڕەگەز جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە، بۆ نموونە: کوڕان لە کچان زیاتر کەسایەتی شەڕانگێزیان هەیە، و پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان سیفەتەکانی کەسایەتی و شەڕانگێزیدا هەبووە، ئەم ئەنجامانە بەشدارن لە تێگەیشتنمان لە کاریگەرییە دەروونییەکان لەسەر یاریزانانی یارییە ڤیدیۆییە ئۆنلاینەکان. دۆزینەوەکانی توێژینەوەکە یارمەتیدەرن لە چارەسەرکردنی کێشە دەروونییەکانی یاریزانی پۆبجی. (Alvi et al., 2023)

**توێژینەوەی تاقی ، ٢٠٢٤).سێیەم:**

ئامانجی توێژینەوەکە: بۆ زانینی پەیوەندی نێوان یاری (PUBG) و تەندروستی دەروونییە لای قوتابیانی قۆناغی ناوەندی بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، شوێنی نیشتەجێبوون). نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (160) قوتابی نێر و مێ لە قوتابخانەی ناوەندی (ئەلئەشار) کە تەمەنیان لە نێوان (15-13) ساڵیدا بووە و یاری (PUBG) یان کردووە. توێژەر پێوەرێکی بۆ یاری (PUBG) دروستکردووە کە پێکهاتووە لە (49) بڕگەی سەرەکی، ئەنجامەکانی ئەوە دەخەنەڕوو کە یاری (PUBG) ڕۆڵێکی نەرێنی هەیە لەسەر خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی. بەوەی کاتێکی زۆر بەفیڕۆدەدەن و چەندین کاتژمێر بەدیار یارییەکەوە دەمێننەوە و دەبێتەهۆی ماندوێتی جەستەیی و کەم خەوی و تێکچوونی تەندروستی دەروونی قوتابیەکان. (Taqi. 2024)

## باسی دووەم: ڕاڤەکردنی تیۆرەکان

### یەکەم: تیۆری سایکۆدینامیکی:

لە تیۆری سایکۆدینامیکدا، فرۆید پێیوایە هەموو مرۆڤەکان لە لەدایکبوونەوە خاوەنی دوو پاڵنەری بنەڕەتین کە بەشدارن لە گەشەکردن و ڕەفتارەکانی کەسایەتییان: ئەوانیش غەریزەی مردن (تاناتۆس)ە، ئەم غەریزەیە بەهۆی پاڵنەرە ناوەکیەکان و نەستەوەیە، هەروەها غەریزەی دووەم بریتیە لە غەریزەی ژیان (ئیرۆس)، و فرۆید پێی وایە، ئەم غەریزانە بە بەردەوام لە ململانێدان، و ڕەفتاری شەڕانگێزی کاتێک سەرهەڵدەدات کە هەوڵەکانی من (Ego) بۆ بەڕێوەبردنی ئەم غەریزانە زاڵ بن. بۆیە لە تیۆری دەروونشیکاری کە ناسراوترین تیۆرییە لە ڕێبازیکی سایکۆدینامیکدایە، بە تایبەت فرۆید پێی وایە شەڕانگێزی مرۆڤ پاڵنەرێکی غەریزەییە لەگەڵ لەدایکبونی مرۆڤدایە و هیچ شتێك ناناسێت و هیچ شتێك بەلایەوە قەدەغە نیە، تەنانەت باوەڕی بە یاسا و دابونەریت نیە، ئامانجی ئەم بەشە لە کەسێتی چێژوەرگرتنە لە شەڕەنگێزی تا لە ئازار دووریکەوێتەوە، واتە تاك هەوڵی تێرکردنی پێداویستیەکانی خوود دەدات بە بێگوێدانە باردۆخی کۆمەڵگا. پاڵنەرێکە کە لەناخی کەسەکەوە سەرچاوە دەگرێت و پەیوەندی بە ژینگەو دەوروبەرەوە نیە، هەربۆیە بەشێکی حەتمی ژیانی مرۆڤە. 2013،& Hadad Glassman

هەرچەندە ڕەخنە لە تیۆری شیکاری فرۆید گیراوە بە هۆی ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی زانستی لە ئارادا نییە کە پاڵپشتی ئەم تیۆرە بکات، چونکە ناتوانرێت بە شێوەیەکی ئەزموونی لێکۆڵینەوەی لەسەر ڕەفتارو کەسایەتی مرۆڤ بکات. هەروەها فرۆید زۆربەی کارەکانی لەسەر بنەمای توێژینەوەی کەیسەکان داناوە، ئەمەش گشتاندن بۆ کەسانی تر دەکات کە ڕەنگە قورس بێت. (Pervin, Cervone & 2022).

هەروەها لە ڕوانگەی سایکۆدینامیکەوە نەک هەر پرۆسەکانی بیرکردنەوەلە ڕەفتاری شەڕانگێزیدا بەشدارن، بەڵکو ڕۆڵی ژینگەی دەرەکی بە تەواوی پشتگوێ خراوە لەبەرئەوەی بەپێی ئەم تیۆرە شەڕانگێزی پاڵنەرێکی خۆرسکیەو ناتوانرێت لەناوی ببرێت.

### دووەم: تیۆری مەعریفی:

تیۆری پەیوەندی نوێی مەعریفی پێشنیاری ئەوە دەکات کە هەست و ئەزموونە نەرێنییەکان دەتوانن تۆڕێک لە بیرکردنەوە و یادەوەرییەکان دەستپێبکەن کە دەتوانێت ببێتە هۆی ڕەفتاری شەڕانگێزی. ئەم تیۆرییە گریمانە دەکات کە کاتێک کەسێک تووشی ناڕەحەتی دەبێت، مێشکی ئەم حاڵەتە سۆزدارییە دەبەستێتەوە بە یادەوەری و بیرکردنەوەکانی پێشتر کە هەڵگیراوە تیایدا، و بە ئەگەرێکی زۆرەوە دەبێتە هۆی وەڵامدانەوەی شەڕانگێزی وەک ڕێگەیەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوە یان کاردانەوە. ئەم تیۆرە جەخت لەسەر پرۆسە مەعریفیەکان دەکاتەوە کە بەشدارن لە چۆنیەتی پەیوەستکردنی هەستە نەرێنییەکانی تاکەکان بە کردارە شەڕانگێزەکانەوە. (Fiveable،2024)

تیۆری پەیوەندی نوێی مەعریفی تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە ڕەفتاری شەڕانگێزی زۆرجار لە ئەنجامی یاریکردنێکە لە نێوان حاڵەتە سۆزدارییەکان و پەیوەندییە مەعریفیەکاندا نەک کاردانەوەی تەنیا غەریزەیی. بەپێی ئەم تیۆرییە، ئەو تاکانەی توڕەن یان ناڕەحەتن، زیاتر بیرکردنەوە یان یادەوەرییە شەڕانگێزەکان بەبیر دێننەوە، ئەمەش ئەگەری ڕەفتاری شەڕانگێزانەیان زیاتر دەکات. توێژینەوەکان پشتگیری لە تیۆری پەیوەندی نوێی مەعریفی دەکەن و دەریانخستووە کە بەرکەوتن بە میدیاو تەکنەلۆژیایی توندوتیژ دەتوانێت بیرکردنەوە شەڕانگێزەکان بەهێزتر بکات، ئەمەش وا دەکات تاکەکان لە دۆخە ڕاستەقینەکانی ژیانیدا کاردانەوەی شەڕانگێزانەیان هەبێت. (Berkowitz,2012)

### سێیەم: تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی:

بەپێی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی، ڕەفتاری شەڕەنگێزی پەیوەندی بە سەرنجدان و لاسایکردنەوەی کارئەکتەرەکانەوە هەیە بە تایبەت منداڵ و هەرزەکاران. لە ڕێگەی تەماشاکردنی کەسایەتی توندوتیژی ناو فیلم، تەلەفزیۆن و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە ڕەفتاری کەسانی شەڕخواز وەردەگرن و ئارەزووی دووبارەکردنەوەی دەکەن. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە زانای بەناوبانگی ئەمریکی –کەنەدی (باندۆرا) توێژینەوەیەکی لە سەر منداڵی باخچەی ساوایان کردووە و تیایدا مامۆستایەکی باخچە لە پێش چاوی فێرخوازەکەی بوکەڵەیەك دەهێنێت و بە شەق و زلە لێی دەدات و توندوتیژی بەرامبەر ئەنجام دەدات. دوای مامۆستاکە هەمان بووکەڵە دەداتە دەستی منداڵەکەوە بە بێ ئەوەی فەرمانی پێ بکات لێ بدات، لەبەرئەوەی منداڵەکە بەچاوی خۆی ڕەفتاری شەڕەنگێزی مامۆستاکەی بینیوە. لاسایی مامۆستاکەی دەکاتەوە و ئارەزووی دووبارەکردنەوەی ڕەفتاری توندوتیژی دەکات و لە بووکەڵەکە دەدات. ئەم نموونەیە بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆش ڕاستە. ئایا ئەو کەسانەی تەماشای کەسایەتیە شەڕانگێزەکانی ناو یاریە ئەلیکترۆنییەکان دەکەن هەمان ڕەفتاری توندوتیژی دووبارە ناکەنەوە؟ بە پێچەوانەوە کاتێك دیمەنی ڕەفتاری شەڕەنگێزی ناو فیلمەکان پیشان دەدرێن و تیایدا کارئەکتەرەکان سزا دەدرێن و پاداشت ناکرێن. ئەوا لەلایەنی تاماشاکەرەوە تەقلید ناکرێنەوە؟ ( Al-jbour et al, 2024). لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە منداڵان لە ڕێگەی تەماشاکردنی یاری PUBG هوە ئەکرێت ڕەفتاری شەڕەنگێزی وەربگرن، بە تایبەت کاتێك لەلایەن دایکان و باوکانەوە سنوور بۆ تەماشاکردنی یاریە شەڕەنگێزیەکانی پۆپجی و سۆشیاڵ میدیا دانەگرن و لە منداڵەکانیان نەپرسنەوە و لێیان قەدەغە نەکەن. لە دەرئەنجامدا منداڵان و هەرزەکاران بە هۆی سەرنجدان و تەماشاکردنی یاریە توندوتیژەکانەوە ئارەزووی شەڕەنگێزی لە ڕەفتاریاندا ڕەنگ دەداتەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیانیان و داهاتوویان دەبێت.

### چوارەم: تیۆری شەڕانگێزی سۆزداری:

ئەم تیۆرە بە تیۆری شەڕانگێزی سۆزداری مەعریفی ناسراوە، پێی وایە مرۆڤ بۆیە شەڕانگێزی و توندوتیژی بەرامبەر کەسانی تر دەکات مرۆڤ هەست بە خۆشی بکات ، چونکە مرۆڤ چێژ لە زیانگەیاندن بە کەسانی دیکە وەردەگرێت، جگەلەوەش هەندێك کەس دەیەوێت پیاوسالاری خۆی بسەلمێت و بەهێزبێت و پێگەیەکی

کۆمەڵایەتی جیاوازی هەبێت. بەتایبەتی کاتێک مرۆڤ پاداشتی شەڕانگێزیەکەی وەردەگرێتەوە. دەرئەنجام هەست بە خۆشی دەکات وچێژی لێدەبینێت. بۆیە ئەم شەڕانگێزیەی دەبێتە کۆمەڵێک پاڵنەری بەهێز و هانی دەدات بەردەوام بێت لە سەری و یەکێک لەو پاڵنەرانەش، ئەوەیە دەیانەوێت نیشانی کەسانی تر بدەن کە خۆیان بەهێزن و وەك کەسێکی گرنگ دەربکەون. (Aljbour et al., 2020). جگەلەوەش سەرنجدان لە بەدەستهێنانی هەستکردن بە دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنیان. بەپێی ئەم مۆدێلە بۆ ڕوونکردنەوەی شەڕانگێزی سۆزداری زۆرینە کردەوەکانی شەڕانگێزی سۆزداری بەبێ بیرکردنەوە دەردەکەون، بۆیە لەم تیۆرەدا گرنگی بە شەڕانگێزی دەدرێت کە تارادەیەک جۆرێکە لە هەڵچوون و دوورە لە بیرکردنەوە. (فۆسفۆس، 2006). بۆیە ئەو منداڵانەی کە یاری (PUBG) دەکەن. هەست بە خۆشی دەکەن کاتێک سەرکەوتن بەدەست دەهێنن لە بەرامبەر نەیارەکانیاندا لە جیهانی مەجازیدا. ئەوان قۆناغ دەبڕن و نمرە و ئاستی بەرزتر لە چوارچێوەی ئەم یارییەدا بەدەستدەهێنن، کە ئەمە لە ڕوانگەی بەکارهێنەرانەوە بە پاداشت و دەسکەوت دادەنرێت و خۆیانی پێ بەرز دەکەنەوە. ئەمەش دەبێتە خوویەك لە ڕەفتاریاندا و گیرۆدەی بوونە. هەروەها ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر دروستبوونی ڕەفتاری شەرەنگێزی بەرامبەر بە هاوتەمەنەکانیان و کەسانی دیکە لە جیهانی ڕاستەقینەدا. (Al-Fasfous, 2006)

### باسی سێیەم: کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی پۆبجی (PUPG)

بەپێی سەرچاوە زانستیەکان کاریگەرییە نەرێنییەکانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان بە تایبەت (پۆبجی) زۆرن کە کاریگەری لەسەر ژیانی بەکارهێنەرانی هەیە. لە دیارترین کاریگەرییەکانی خووگرتن بە یاری پۆبجی و زیانەکانی یاریەکەیە، کە لە خوارەوە دیاریکراوە:

یەکێك لە کاریگەریە نێەتیڤەکانی یاری پۆبجی لاوازبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتیە، چونکە ئەو کەسانەی کاتێکی زۆر بە دیار یاری پۆبجی بە فیڕۆدەدەن. دەرئەنجام دەبێتەهۆی ئەوەی تاک خۆی بە دوور بگرێت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. جگەلەوەش دەبێتەهۆی گۆشەگیری و خۆ بە دوورگرتن لە بەرپرسیاریە کۆمەڵایەتیەکان، هەروەها سەبارەت بە زیانە تەندروسیەکان، ئاماژە بەوە دراوە کە پۆبجی لەڕووی تەندروستییەوە، دەبێتەهۆی ئەوەی بەکارهێنەرانی تووشی سەر ئێشە و ئازاری ماسوولکەکان ببن. لە لایەکی ترەوە، پۆبجی کاریگەری دەروونی لەسەر بەکارهێنەرانی بەجێ دەهێڵێت. بە نموونە: (هەممال و فاتیمە، 2012) ئاماژە بەوەدەکەن کە یاری پۆبجی گەشەی سۆزداری و دەروونی بەکارهێنەرانی دوادەخات، ئەمەش دەبێتەهۆی دروستبوونی کێشە لە سەرنجدان و پرۆسێسی یادوەری و خراپی وەرگرتنی زانیاری و بێتوانای لە چارەسەرکردنی کێشەکان و خۆ کۆنترۆڵکردن. Hammal, (Fatima,2012)

بۆیە کاریگەری پۆبجی تەنها لە سەر لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی نییە، بەڵکو کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر لایەنی پەروەردەیی (دەسکەوتی دیراسی) هەیە، بۆ نموونە: (Calvert et al, 2013) پێیان وایە یاری پۆبجی کاریگەری هەیە لەسەر کەمبوونەوەی دەسکەوتی ئەکادیمی بە تایبەت لاوازی فێربوون. چونکە قوتابی و خوێندکاران بەهۆی یاری پۆبجیەوە ئەرکەکانی قوتابخانە پشتگوێ دەخەن و لە قوتابخانە هەڵدێن. هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە (ئەلحەشاش، 2008) لە توێژینەوەکەیدا گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە یاریە ئەلیکترۆنیەکان کاریگەری نەرێنی لەسەر دەستکەوتی زانستی هەیە. ئەم توێژەرە ئەوەی خستۆتەڕوو کە بەکارهێنانی پۆبجی دەبێتەهۆی لاوازی تێکڕای نمرەی خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی لە قوتابخانە حکومییەکاندا. هەروەها ئەم توێژینەوەیە پێشنیاری کردووە کە پێویستە هەڵمەتی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەنێو دایکان و باوکاندا هەبێت. سەبارەت بە مەترسیەکانی بەکارهێنانی پۆبجی. چونکە ڕۆڵ دەبینێت لە برەودان و بڵاوبوونەوەی ڕەفتاری شەڕانگێزی لە نێو کۆمەڵگەدا. لەلایەکی ترەوە (الزیوودی، ٢٠١٥) ئاماژەی بەوە کردووە کە یاری پۆبجی مەترسی لەسەر بیروباوەڕی ئاینی منداڵان هەیە وەك: ساردکردنەوەی تاك لە ئەنجامدانی ئەرکە ئاینییەکان و سەردانی مزگەوت و دورکەوتنەوەیان لە ئاین. هاوشێوەی توێژینەوەکانی پێشوو. (الحدلاق، 2013) لە توێژینەوەکەیدا کاریگەریە نێگەتیڤەکانی پۆبجی لە چەند خاڵێك کورت کردووەتەوە لەوانە: کاریگەری نەرێنی (ئاینی، دەروونی و ڕەفتاری، ئارامی و ئاسایش، تەندروستی، کۆمەڵایەتی، لایەنی زانستی).

هەروەها (ابو الرب و القسەیری، 2014)، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە ئەم یاریانە گەشەی سۆزداری و دەروونی لای بەکارهێنەرەکانیان دوادەخات. کێشە لە سەرنجدان و پرۆسێسکردنی زانیاری دروست دەکات و تەمبەڵ و بێتوانایان دەکات لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. توێژەران پێیان وایە مەبەستەکە یاری (PUBG)یە چونکە یەکێکە لەو یارییە ئەلیکترۆنیانەی کە منداڵان ئەنجامی دەدەن و خووی پێوە دەگرن.

## بەشی سێیەم:
## چوارچێوەی پراکتیکی توێژینەوە

**یەکەم: میتۆدی توێژینەوە (Methods)** لە توێژینەوەکەدا ئەم میتۆدانە بەکارهاتووە: میتۆدی وەسفی، بۆ وەسفکردنی دیووە تیۆرییەکەی یاری پۆبجی لای منداڵان و هەرزەکاران لە قوتابخانە و خوێندنگەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی دایکان و باوکانەوە. میتۆدی شیکاری بۆ شیکارکردنی داتاکانی ناو توێژینەوەکە. هەروەها میتۆدی چەندێتی بۆ لێکدانەوەی ژمارەکانی فۆرمی ڕاپرسی، بە بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS).

**دووەم: نموونەی توێژینەوە (Sample)** - نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە ناردنی لینکی گوگڵ فۆرم بۆ دایکان و باوکان، بەشێوەی ئۆنلاین بۆ هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) لە قوتابیان و خوێندکارانی قوتابخانە و خوێندنگەکان، کە ئێستا بەردەوامن لە خوێندن لە پارێزگاکانی (سلێمانی، هەولێر، دهۆك). بە بەکارهێنانی شێوازی هەڕەمەکی(عشوائی). لە ڕێگای فۆرمی ڕاپرسی (Questionnaire) بەشداربووان هەڵبژێردران. نموونەی ئەم توێژینەوەیە (٤٠) منداڵ و هەرزەکار لە خۆدەگرێت. لە شارەکانی هەرێمی کوردستاندا لەوانە: شارەکانی (سلێمانی، هەولێر، دهۆك، چەمچەماڵ، کەلار، هەڵەبجەی شەهید، ڕانیە و قەڵادزێ). بۆیە توێژەر هەستا بە دەستنیشانکردنی نموونەی توێژینەوەکە لە نێو کۆمەڵگای توێژینەوەکە ، کە لە قوتابخانە و خوێندنگە حکومیەکانەوە وەرگیراون، بەتایبەت ئەو منداڵ و هەرزەکارانەی کە ڕۆژانە چەند کاتژمێرێك یاری پۆبجی دەکەن. وەك لە خشتەی(1) دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (1)**
**دیۆگرافیای بەشداربووانی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو:**

| گۆڕاوەکانVariables – | Number | % |
|---|---|---|
| Age - تەمەن | | |
| 5-7 | 4 | **12.5** |
| 7-9 | 6 | **5.0** |
| 9-11 | 3 | **2.5** |
| 11-13 | 11 | **27.5** |
| 13-15 | 9 | **7.5** |

| | | |
|---|---|---|
| 15-18 | 7 | **45.0** |
| ڕەگەز Gender | | |
| کوڕ | 39 | **97.5** |
| کچ | 1 | **2.5** |
| Socioeconomic status | | |
| هەژار Lower class | 1 | **2.5** |
| ناوەند Middle class | 32 | **80.0** |
| دەوڵەمەند Upper class | 7 | **17.5** |
| پیشەی خێزان | | |
| کاری ماڵەوە | 8 | **20.0** |
| فەرمانبەر - مامۆستا | 32 | **80.0** |
| شوێنی نیشتەجێبوون | | |
| سلێمانی | 5 | **12.5** |
| هەولێر | 2 | **5.0** |
| دهۆك | 1 | **2.5** |
| هەڵەبجەی شەهید | 3 | **7.5** |
| چەمچەماڵ | 18 | **45.0** |
| کەلار | 11 | **27.5** |
| ئاستی خوێندن | | |
| 1-3 | 5 | **12.5** |
| 3-6 | 8 | **20.0** |
| 6-9 | 17 | **42.5** |
| 10-12 | 10 | **25.0** |
| کاتژمێرەکانی تەماشاکردنی مۆبایل | | |
| 1-2 | 4 | **10.0** |
| 2-3 | 14 | **35.0** |
| 3-4 | 10 | **25.0** |
| 4-5 | 10 | **25.0** |
| 6+ | 2 | **5.0** |

**سێیەم: ئامرازی توێژینەوەکە**- پرۆسەی داتاکانی توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ دوو بەشی فۆڕمی ڕاپرسیەکە: بەشی یەکەم دیمۆگرافی بەشداربووان، تایبەت بوو بە (ڕەگەز، تەمەن، پۆل، شوێنی نیشتەجێبوون، باری ئابووری، کۆمەڵایەتی، کاتژمێرەکانی یاریکردنی پۆبجی)، بەشی دووەم: فۆڕمی ڕاپرسی کە بە (25) برگەی تایبەت بەیاری (PUPG) تێدایە. هەروەها توێژەر ڕاپرسیەکەی لە ڕێگەی لینکی گوگڵ فۆرمی ئۆنلاینەوە نارد بۆ قوتابخانەکان و دایکان و باوکانی منداڵان (2024/5/18) بۆ (2024/6/19)، لە ئەنجامدا (40) فۆرمی دروست شیکاری بۆ کراوە بە بەرنامەی(SPSS-26).

**چوارەم: فۆڕمی ڕاپرسی Questionnaire** - توێژەر هەستا بە وەرگرتنی پێوەرێك بۆ زانینی پەیوەندی نێوان یاری (PUBG) و ئارەزووی ڕەفتاری شەڕانگێزی لای منداڵان و هەرزەکاران لە قوتابخانە و خوێندنگەکانی هەرێمی کوردستاندا لە ڕوانگەی دایکان و باوکانەوە لە ڕووی تەمەن، ڕەگەز، باری ئابووری و کۆمەڵایەتەوە. بۆ ئەم مەبەستە توێژەر پێوەرێکی وەرگرتووە کە لە پێوەری الجبور(لا،879)، هەروەها لە ئەدەبیات و توێژینەوەکانی یاری پۆبجی و ئارەزووی شەڕەنگێزی سوودی وەرگرتووە. ئەم توێژینەوەیە لە (26) برگە پێکهاتبوو لە زمانی عەرەبیەوە لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. دواتر چەند پسپۆڕ و شارەزایەکی بواری سایکۆلۆژی و پەروەردەی تایبەت کاری پێداچوونەوەیان بە برگەکانی فۆڕمی ڕاپرسی توێژینەوەکەدا کردوەو وە هەندێك لە برگەکان گۆڕانکاری تێدا کراوە، کە شارەزایان پێشنیاریان بۆ کردبوو لە پاشکۆی (2) دا پیشاندراوە.

**پێنجەم:دیاریکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەت (Face- (Validity**

ئەو تێست و پێوانانە دەگرێتەوە کە پشت بە هەڵسەنگاندنی پسپۆڕان دەبەستێت. بۆ هەر برگە و پرسیارێک. شیکاری ئەوە دەکرێت کە ئایا هەریەکەیان ئەو لایەنانە دەگرێتەوە کە تاقیکردنەوەکەی بۆ داڕێژراوە. ڕاستگۆیی مانای وایە توێژینەوەکە پێوانی کاری سپێراو دەکات کە بۆی دانراوە، نەك پێوانی شتی تر (Navarro Sada & Maldonado, 2007) توێژەر بۆ دەستکەوتنی ڕاستگۆیی پێوەرەکە، لە ڕووی گونجاوی و نەگونجاوی کە برگەکانی فۆڕمی ڕاپرسیەکە لە (26) برگە پێکهاتوون و لە فۆڕمێکدا دابەشکراوە بەسەر (7) مامۆستا و دکتۆری شارەزای بواری دەروناسی و پەروەردەی تایبەتدا. سەرجەم برگەکانی مانەوە بەڵام چەند تێبینیەکی کەم هەبوون بە هەندێك گۆڕانکاریەوە. بۆیە ڕێژەی ڕەزامەندی و تێبینی شارەزایان لە پاشکۆی (2) دا خراوەتەڕوو. بەسوود وەرگرتن لە بەرنامەی (SPSS) و شیکاری (22) پرسیارەکەوە، دەرکەوت کە ڕاست و دروستی برگەکان (0.82) بوو.

**خشتەی (2)**

**لیستی ناوی شارەزایان کە فرۆمی ڕاپرسیان بەسەر دابەشکراوە بە مەبەستی زانینی ڕاستگۆیی توێژینەوەکە:**

| ژ | ناوی شارەزایان Experts | شوێنی کار | پسپۆڕی | ژمارەی پرسیارە دروستەکان | ژمارەی پرسیارە نا دروستەکان و گۆڕانکاری |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پ. ی. د. ایوب خسرو | زانکۆی چەرموو | پەروردە و دەروناسی | 25 | 1 |
| 2 | پ. ی. د. وەلید بابان | زانکۆی صلاح الدین | پێوان و هەڵسەنگاندن | 23 | 3 |
| 3 | پ. ی. د. عبدالصمد احمد | زانکۆی سلێمانی | پەروردە و دەروناسی | 16 | 10 |
| 4 | پ. ی. د. نەزیرە محمد | زانکۆی سلێمانی | پەروردە و دەروناسی | 15 | 11 |
| 5 | د. ئاڤان عبدالله | زانکۆی سلێمانی | پەرووردەی تایبەت | 17 | 9 |
| 6 | د. فەرمان علی محموود | زانکۆی چەرموو | سایکۆلۆژی | 26 | 0 |
| 7 | د. زانا عثمان | زانکۆی چەرموو | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | 26 | 0 |
| | | | | 148 | |

**شەشەم: ڕێگەی دووبارە جێبەجێکردن:(Test- retest)**

جێگیری پێوەر بە الفا کرونباخ Validity- جێگیری واتا بەکارهێنان و دووبارەکردنەوەی تێست و تاقیکردنەواکان زیاتر لە جارێك بە سەر هەمان نموونەی توێژینەوەو راپرسی بە ئامانجی گونجاندنی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان، زیاد لە جارێك لەسەر بەشداربووان تاکو توێژەر ئەنجامێکی نزیك یان هەمان ئەنجامی توێژینەوەیان دەست بکەوێت. (Navarro Sada & Maldonado, 2007). هەرلە سەرەتای توێژینەوەکەدا توێژەر هەستا بە تێستی جێگیری ڕاپرسیەکە بەشێوەی (دابەشکردنی نیوەیی – Split-Half) لە سەر نموونەیەکی تاقیکاری کە (دایکان و باوکانی منداڵان

به مەبەستی زانینی جێگیری جاری یەکەم لە ڕێکەوتی (2024/5/18)، ئاستی پەیوەندی (معامل ارتباطی)یان بۆ کراوە کە بریتییە لە (0.82). دوای (15)ڕۆژ هەمان پێوەر بەسەر هەمان ژمارەی توێژینەوەکەدا دابەشکرایەوە بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (سپێرمان- Spearman- Brown)، لە ئەنجامدا ئاستی پەیوەستی بریتی بوو لە (0.86) کە پلەیەکی زۆر باشە.

**حەوتەم: شێوازی ڕاستاندن (التصحيح المقايس)-** بڕگەکانی پێوەری ئەم ڕاپرسیە لە (62)بڕگە پێکهاتووە، کە بۆ هەموو بڕگەیەک بۆ زانینی پەیوەندی نێوا یاری پۆبجی( PUBG )و ئارەزووی ڕەفتاری شەڕەنگێزی لای منداڵان و هەرزەکاران لە ڕوانگەی دایکان و باوکانەوە کە پێنج جێگرەوە(بدائيل) لە خۆدەگرێت.

**هەشتەم: ماوەی توێژینەوەکە:** توێژەر لە ماوەی نێوان (2024/5/18) بۆ (2024/6/19). فۆرمی بۆ بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و خوێندکەکان و دایکان و باوکان ناردووە سەبارەت به پەیوەندی نێوان یاری پۆبجی( PUBG ) و ئارەزووی شەڕانگێزی لای قوتابیان و خوێندکاران تا لەسەر قوتابیانی بازنەکانی (3،2،1) و (خوێندنگە ئامادەیی)ەکان پڕی بکەنەوە. لە ئەنجامدا توێژەر نزیکەی (40) فۆرمی بەڕاست و دروستی بە دەست گەیشت.

**نۆیەم: جێبەجێکردنی توێژینەوەکە-** توێژەر لە ڕێکەوتی (2024/5/18) بۆ (2024/6/19). هەستا بە شەیرکردنی لینکی گۆگڵ فۆرمەکە بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا پاشان (40) فۆرم سوودی لێ بینرا بە شێوەی ڕاست و دروستی. بۆیە یەکێك لە سەرچاوەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لەم توێژینەوەیەدا پێکهاتبوو لە فۆرمی ڕاپرسی کە بەشێوازی ڕاپرسی ئەنجام دراوە و پاشان شیکاری بۆ (40) فۆرمەکە کراوە.

**دەیەم: کەرەستەی ئاماری-** پاکێجی ئاماری بۆ توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان-ڤێرژنی-26 کە بە (SPSS) ناسراوە بەکارهاتووە. کە (ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێریاری، لادانی پێوەری، تی تێستی(T.TEST)، One way Anova)یە.

## بەشی چوارەم:
## خستنەڕووی دەرئەنجام و ڕاڤەکردن

**خشتەی (3)**

**فریکوێنسی و ڕێژەی سەدی کوڕان و کچان پیشان دەدات.**

| | | فرەکوێنسی | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| Valid | کوڕ | 39 | 97.5 |
| | کچ | 1 | 2.5 |
| | | | |
| | کۆ - Total | 40 | 100.0 |

**خشتەی (4 A)**

**پیشاندانی ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری ڕێژەی ئارەزووی شەڕانگێزی لای کوڕان و کچان، کە کوڕان زیاتر ئارەزووی ڕەفتاری شەڕانگێزی بە ڕێژەی 3.9856 هەیە بە بەراورد بە کچان کە نزیکەی 2.8000ە.**

| ڕەگەز | ژمارەN | ناوەندی ژمێریاری Mean | لادانی ستاندارد SD | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|---|---|
| کوڕان | 39 | 3.9856 | 0.54146 | 97.5% |
| کچان | 1 | 2.8000 | . | 2.5% |
| Total | 40 | 3.05905 | 0.35401 | 100% |

**شێوەی (1)**

**پای چارتی یەکەم جیاوازی نێوان کوڕان و کچان پیشان دەدات کە %97.5 بەشداربووان کوڕان ، بەڵام %2.5 بەشداربوان کچان.**




**خشتەی (4 - B)**

**Independent Sample T.Test for Aggressive behaviour and Gender**

| Aggressive behaviour | ڕەگەز | Nژمارە | Mean | SD | T | df | Sig. (2-Tailed) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کوڕان | 39 | 3.9856 | 0.54146 | 1.485 | 38 | 0.020 |
| | کچان | 1 | 2.8000 | 0.46735 | | | |

ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوە دەخاتەڕوو کەجیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان نیشانەکانی ڕەفتاری شەڕانگێزی لە ڕووی ڕەگەزەوە نییە وەک لە خشتەی 4-B دا نیشاندراوە. کە پلەیەکی ماماوەندی و لادانێکی ستاندارد بۆ خوێندکارانی نێر و مێ بە ڕێککەوت 3.9±0.467 و 2.8±0.541 بووە. هەروەها دەرئەنجامەکان پێشنیاری ئەوە دەکەن کەپەیوەندییەکی بەرچاو لە نێوان نیشانەکانی ڕەفتاری شەڕانگێزی لە ڕووی ڕەگەزەوە بوونی هەیە P< 0.05 ، لەگەڵt =1.485 قەبارەی کاریگەری 0.7 کە دەتوانین بڵێین کاریگەری قەبارەی چووک، بەپێی d ی کۆهین کە 0.5-0.2 قەبارەی کاریگەری چووک لەخۆدەگرێت.

**خشتەی( 5 A)**

**فریکوێنسی و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری تەمەنی بەشداربووان پیشان دەدات، ناوەندی ژمێریاری لای منداڵانی تەمەن (١١-١٣) زیاترە لە تەمەنەکانی تر.**

| تەمەن | Nژمارە | سەدی % | ناوەندی ژمێریاری Mean | کەمترین Min | بەرزترین Max |
|---|---|---|---|---|---|
| 5-7 | 4 | 10.0% | 2.6900 | 1.00 | 6.00 |
| 7-9 | 6 | 15.0% | 2.7200 | 1.00 | 6.00 |
| 9-11 | 3 | 7.5% | 2.6933 | 1.00 | 6.00 |
| 11-13 | 11 | 27.5% | 3.6073 | 1.00 | 6.00 |
| 13-15 | 9 | 22.5% | 2.8533 | 1.00 | 6.00 |
| 15-18 | 7 | 17.5% | 2.8171 | 1.00 | 6.00 |
| Total | 40 | 100.0% | 2.8966 | 1.00 | 6.00 |

**خشتەی (5 - B)**

**Anova for Aggressive behaviour and age**

| | | Sum of Squares | df | Mean Square | F | p |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Aggressive behaviour | Between Groups | 5.620 | 5 | 1.124 | 6.196 | .000 |
| | Within Groups | 6.168 | 34 | .181 | | |
| | Total | 11.787 | 39 | | | |

دەرئەنجامی ئەنۆڤا ئەوە دەخاتەڕوو کە پەیوەندییەکی گرنگ لە نێوان نیشانەکانی ڕەفتاری شەڕانگێزی لە ڕووی ڕەگەزەوە هەیە وەک لە خشتەی 5 - B دا ئاماژەی پێکراوە P<0.05 .و. F ( 34) = (5.620)

**خشتەی( 6A)**

**فریکوێنسی و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری باری ئابووری-کۆمەڵایەتی بەشداربووان پیشان دەدات، ناوەندی ژمێریاری منداڵانی ئاست ناوەند (3.0588 ) زیاترە لە ئاستەکانی تر.**




**خشتەی (6 - B)**

**Anova for Aggressive behaviour and socioeconomic status**

| | | Sum of Squares | df | Mean Square | F | p |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Aggressive behaviour | Between Groups | .624 | 2 | .312 | 1.033 | .366 |
| | Within Groups | 11.164 | 37 | .302 | | |
| | Total | 11.787 | 39 | | | |

دەرئەنجامی ئەنۆڤا ئەوە دەخاتەڕوو کە پەیوەندییەکی گرنگ لە نێوان نیشانەکانی ڕەفتاری شەڕانگێزی لە ڕووی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری نیە وەک لە خشتەی 6 - B دا ئاماژەی پێکراوە P>0.05 .و. F ( 34) = (.624)

**خشتەی( 7 A)**

**فریکوێنسی و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری ئەرکی ماڵەوەی دایك و باوکی بەشداربووان پیشان دەدات، ناوەندی ژمێریاری دایك و باوکی فەرمانبەر(3.0800) زیاترە لە کەسانی تر.**

| ئەرکی ماڵەوە | ژمارەN | سەدی % | ناوەندی ژمێریاری Mean | کەمترین Min | بەرزترین Max |
|---|---|---|---|---|---|
| کاری ماڵەوە | 8 | 20.0% | 2.7100 | 1.00 | 2.00 |
| فەرمانبەر | 32 | 80.0% | 3.0800 | 1.00 | 2.00 |
| Total | 40 | 100.0% | 2.8950 | 1.00 | 2.00 |

**خشتەی (7 - B)**

**Anova for Aggressive behaviour and parents Job**

| | | Sum of Squares | df | Mean Square | F | p |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Aggressive behaviour | Between Groups | .876 | 1 | .876 | 3.051 | .089 |
| | Within Groups | 10.911 | 38 | .287 | | |
| | Total | 11.787 | 39 | | | |

دەرئەنجامی ئەنۆڤا ئەوە دەخاتەڕوو کە پەیوەندییەکی گرنگ لە نێوان نیشانەکانی ڕەفتاری شەڕانگێزی لە ڕووی پیشەی دایکان و باوکانەوە نیە وەک لە خشتەی 7 - B دا ئاماژەی پێکراوە P>0.05 .و. F ( 34) = (.876)

**خشتەی(8 A)**

**فریکوێنسی و ڕێژەی سەدی شوێنی نیشتەجێبوونی بەشداربووان پیشان دەدات**

| | ژمارە N | ناوەند Mean | سەدی % | کەمترین Min | بەرزترین Max |
|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | 5 | 2.8880 | 12.5% | 1.00 | 6.00 |
| هەولێر | 2 | 2.8600 | 5.0% | 1.00 | 6.00 |
| دهۆك | 1 | 2.5600 | 2.5% | 1.00 | 6.00 |
| هەڵەبجە شهید | 3 | 2.5333 | 7.5% | 1.00 | 6.00 |
| کەلار | 11 | 3.0873 | 27.5% | 1.00 | 6.00 |
| چەمچەماڵ | 18 | 3.1089 | 45.0% | 1.00 | 6.00 |
| کۆ - Total | 40 | 2.8395 | 100% | 1.00 | 6.00 |



**خشتەی (8 - B)**

**Anova for Aggressive behaviour and Place of stay**

| | | Sum of Squares | df | Mean Square | F | p |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Aggressive behaviour | Between Groups | 1.245 | 5 | .249 | .803 | .556 |
| | Within Groups | 10.543 | 34 | .310 | | |
| | Total | 11.787 | 39 | | | |

دەرئەنجامی ئەنۆڤا ئەوە دەخاتەڕوو کە پەیوەندییەکی گرنگ لە نێوان نیشانەکانی ڕەفتاری شەڕانگێزی لە ڕووی پیشەی دایکان و باوکانەوە نیە وەک لە خشتەی 8 - B دا ئاماژەی پێکراوە P>0.05 .و. F (34 ) = (1.245)

**خشتەی( 9A)**

**فرێکوێنسی و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری ئاستی خوێندنی بەشداربووان پیشان دەدات، ناوەندی ژمێریاری لای منداڵانی تەمەن (١١-١٣) زیاترە لە تەمەنەکانی تر.**

| ئاستی خوێندن | | Nژمارە | سەدی % | ناوەندی ژمێریاری Mean | کەمترین Min | بەرزترین Max |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | 1-3 | 5 | 12.5% | 2.7360 | 1.00 | 4.00 |
| | 3-6 | 8 | 20.0% | 2.9700 | 1.00 | 4.00 |
| | 6-9 | 17 | 42.5% | 3.2280 | 1.00 | 4.00 |
| | 10-12 | 10 | 25.0% | 2.9718 | 1.00 | 4.00 |
| | Total | 40 | 100.0% | 2.9764 | 1.00 | 4.00 |

**خشتەی (9 - B)**

**Anova for Aggressive behaviour and academic level**

| | | Sum of Squares | df | Mean Square | F | p |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Aggressive behaviour | Between Groups | .888 | 3 | .296 | .977 | .414 |
| | Within Groups | 10.900 | 36 | .303 | | |
| | Total | 11.787 | 39 | | | |

دەرئەنجامی ئەنۆڤا ئەوە دەخاتەڕوو کە پەیوەندییەکی گرنگ لە نێوان نیشانەکانی ڕەفتاری شەڕانگێزی لە ڕووی پیشەی دایکان و باوکانەوە نیە وەک لە خشتەی 9 - B دا ئاماژەی پێکراوە P>0.05 .و. F (36 ) = (.888)

**خشتەی( 10 A)**

**فرێکوێنسی و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری کاتژمێرەکانی تەماشاکردنی بەشداربووان پیشان دەدات، ناوەندی ژمێریاری لای منداڵانی تەمەن (١١-١٣) زیاترە لە تەمەنەکانی تر.**

| کاتژمێرەکانی تەماشاکردن | | Nژمارە | سەدی % | ناوەندی ژمێریاری Mean | کەمترین Min | بەرزترین Max |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | 1 | 4 | 10.0% | 2.6900 | 1.00 | 5.00 |
| | 2-3 | 14 | 35.0% | 2.8000 | 1.00 | 5.00 |
| | 3-4 | 10 | 25.0% | 2.9413 | 1.00 | 5.00 |
| | 4-5 | 10 | 25.0% | 3.0600 | 1.00 | 5.00 |
| | +6 | 2 | 5.0% | 3.2280 | 1.00 | 5.00 |
| | Total | 40 | 100.0% | 2.94386 | 1.00 | 5.00 |

**خشتەی (10 - B)**

**Anova for Aggressive behaviour and academic level**

| | | Sum of Squares | df | Mean Square | F | p |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Aggressive behaviour | Between Groups | 1.090 | 4 | .273 | .892 | .479 |
| | Within Groups | 10.697 | 35 | .306 | | |
| | Total | 11.787 | 39 | | | |

دەرئەنجامی ئەنۆڤا ئەوە دەخاتەڕوو کە پەیوەندییەکی گرنگ لە نێوان نیشانەکانی ڕەفتاری شەڕانگێزی لە ڕووی پیشەی دایکان

و باوکانەوە نیە وەک لە خشتەی B - 10 دا ئاماژەی پێکراوە P>0.05 .و. F (35 ) = (1.090) .

**خشتەی (11)**

**ئاماری یەک نمونەیی پەیوەندی نێوان یاری پۆپجی( PUBG )و ئارەزووی ڕەفتاری شەڕانگێزی لای منداڵان هەرزەکاران پیشان دەدات، بەرزترین ئاست بڕگەی (8)ە کە ناوەندە ژمێریاری (4.2000)ە بە پێچەوانەوە بڕگەی (15) بە نزمترین ئاستی گرفتی ژمارە دادەنرێت کە (2.1000)ە .**

| One-Sample Statistics | | | | |
|---|---|---|---|---|
| پرسیارەکان | ژمارە | ناوەندی ژمێریاریMean | لادانی ستاندادری | |
| Q1 | 40 | 3.8810 | .95943 | |
| Q2 | 40 | 3.9500 | .74936 | |
| Q3 | 40 | 2.4750 | 1.32020 | |
| Q4 | 40 | 2.3500 | 1.23101 | |
| Q5 | 40 | 2.6750 | 1.22762 | |
| Q6 | 40 | 2.2000 | 1.22370 | |
| Q7 | 40 | 2.7750 | 1.34903 | |
| Q8 | 40 | 4.2000 | .79097 | |
| Q9 | 40 | 3.2000 | 1.26491 | |
| Q10 | 40 | 3.7750 | 1.14326 | |
| Q11 | 40 | 2.3250 | 1.28876 | |
| Q12 | 40 | 2.4250 | 1.29867 | |
| Q13 | 40 | 2.9250 | 1.38467 | |
| Q14 | 40 | 3.6750 | 1.28876 | |
| Q15 | 40 | 2.1000 | 1.54919 | |
| Q16 | 40 | 2.6055 | 1.41058 | |
| Q17 | 40 | 2.5000 | 1.44093 | |
| Q18 | 40 | 3.0250 | 1.17233 | |
| Q19 | 40 | 2.5750 | 1.41761 | |
| Q20 | 40 | 2.8800 | 1.26060 | |
| Q21 | 40 | 2.5750 | 1.45862 | |
| Q22 | 40 | 4.0000 | .92819 | |
| Q23 | 40 | 2.5250 | 1.33757 | |
| Q24 | 40 | 2.5750 | 1.23802 | |
| Q25 | 40 | 2.4500 | 1.23517 | |

**خشتەی( 12)**

**ژمارەو پلەو برگەکان کە لە شێوەی ناوەندی ژمێریاری و کێشی سەدی خراوەتەڕوو، لەخوارەوە سەرجەم برگەکان شیکراونەتەوە.**

| ژمارەی برگە N | پلەی برگە | برگەکان Items | ناوەندی پێشنیارکراو Mean | کێشی سەدی % |
|---|---|---|---|---|
| **8** | 1 | منداڵەکەم خەیاڵی لای شەڕ(ئەکشن)ی یاری پۆپجیەو بیری لێدەکاتەوە | 4.2000 | 75 |
| **22** | 2 | لەو کاتەوەی منداڵەکەم یاری پۆپجی دەکات هەستی میهرەبای لە دەست داوە | 4.0000 | 74 |
| **2** | 3 | منداڵەکەکەم دوای تەواوبوونی یاری پۆپجی ڕەفتاری شەڕەنگێزی (هێرشکردن) بەرامبەر هاورێکانی ئەنجام دەدات | 3.9500 | 72 |
| **1** | 4 | دوای تەواوبوونی یاری پۆپجی منداڵەکەم هێرش دەکاتە سەر ئەندامانی خێزانەکەی (خوشك، برا) | 3.7750 | 70 |
| **10** | 5 | پۆپجی وایکردووە منداڵەکەم لە دایك و باوکی تورەبێت و ڕێزیان نەگرێت | 3.7750 | 70 |
| **14** | 6 | یاری پۆپجی وایکردووە منداڵەکەم ڕەفتاری توندوتیژی(هێرشبردن)ی کارئەکتەرەکانی پۆپجی دووبارە بکاتەوە. | 3.6750 | 69 |
| **18** | 7 | خووگرتن بە پەپجی وایکردووە منداڵەکەم سووکایەتی بە کەسانی تر دەکات. | 3.0250 | 59 |
| **20** | 8 | بەهۆی بەکارهێنانی پۆپجیەوە منداڵەکەم بیر لە کوشتنی کەسانی تر دەکاتەوە | 2.8800 | 57 |
| **16** | 9 | لە دوای یاری پۆپجی دەستەواژە - ئاماژەی ئازاردانی کەسانی تر بەسەر قسەکانی منداڵەکەمدا. | 2.6500 | 55 |

## شیکردنەوە و دەرخستنی ئەنجامەکان

**شیکاری داتاکاندا، توێژەر شیکاری ئەنجامەکانی بەم شێوەیەی لای خوارەوە کردوە:**

برگەی (8) پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە(منداڵەکەم خەیاڵی لای شەڕ(ئەکشن)ی یاری پۆپجیە و بیری لێدەکاتەوە). بەپێی ناوەندی پێشنیارکراو(4.2000) و کێشی سەدی (75%)یە. بەڵام برگەی (22) پلەی دووەمی وەرگرتووە، (لەو کاتەوەی منداڵەکەم یاری پۆپجی دەکات هەستی میهرەبانی لە دەستداوە)، بەپێی ناوەندی پێشنیازکراو (4.0000) و کێشی سەدی (74%)ە. برگەی (2) پلەی سێیەمی وەرگرتووە (منداڵەکەکەم دوای تەواوبوونی یاری پۆپجی ڕەفتاری توندوتیژی (هێرشکردن) بەرامبەر هاورێکانی ئەنجام دەدات). هەرچەندە برگەی (1 و 10) جیاوازن بەڵام هەمان ناوەندی ژمێریاری و کێشی سەدیان هەیە. بە نموونە ناوەندی پێشنیارکراو (3.7750) کێشی سەدیان (70%)یە. برگەی (14) پلەی (6)ی بەدەستهێناوە (یاری پۆپجی وایکردووە منداڵەکەم ڕەفتاری توندوتیژی(هێرشبردن)ی کارئەکتەرەکانی پۆپجی دووبارە بکاتەوە)، بەپێی ناوەندی پێشنیازکراو(3.6750) و کێشی سەدی (69%)یە. بەپێی ئەم برگەیە بێت تەماشاکردنی یاری پۆپجی وادەکات منداڵان و هەرزەکاران، کە سەرنجی ڕەفتاری کارئەکتەرەکان دەدەن و ئارەزووی توندوتیژی دەکەن.

هەروەها برگەی (18) پلەی (7) بەدەستهێناوە (خووگرتن بە پەپجی وایکردووە منداڵەکەم سووکایەتی بە کەسانی تر بکات.)، هەمان ناوەندی پێشنیارکراو (3.0250)، کێشی سەدی (59%)یە. واتە: لەئەنجامی خووگرتن بە یاری پۆپجی و تەماشاکردنی دیمەنی ناپەروەردەیی، منداڵان بێڕێزی بەکەسانی تر دەکەن.

بەهەمان شێوە برگەی (20) ئەوە دەخاتەڕوو کە (بەهۆی بەکارهێنانی پۆپجیەوە منداڵان بیر لەکوشتنی کەسانی تر دەکەنەوە)، ناوەندی پێشنیارکراو (2.8800)، کێشی سەدی (57%)ە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تەماشاکردنی دیمەنی کوشتنی ناو یاری پۆپجی کاردەکاتە سەر بیرکرنەوەی منداڵان و هەرزەکاران و بیرلەوە دەکەنەوە کەسانی تر بکوژن.

بە پێچەوانەوە ئەنجامەکانی ئەم راپرسیە کەمترین ناوەندی پێشنیارکراوی دەستنیشانکردووە. ئەوە دەردەخات کە ئارەزووی شەڕەنگێزی لای منداڵان و هەرزەکاران ئاستێکی ئاڕادەیەك ناوەندی هەیە. بەمەش برگەی(16)، پلەی (9)ی وەرگرتووە (لە دوای یاری پۆپجی دەستەواژە-ئاماژەی ئازاردانی کەسانی تر بەسەر قسەکانی منداڵەکەمدا دیارە).کەمترین ناوەندی پێشنیارکراو (2.6500) و کێشی سەدی (55%)ە. هەرچەندە ئەم برگەیە کەمترین ئاستی بە دەستهێناوە. بەڵام یاری پۆپجی کاریگەری لە سەر قسەو دەربڕینی بەشداربوانی ئەم توێژینەوەیە هەیە. ئەمەش وایکردووە هەندێك لە بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە بەهۆی تەماشاکردنی یاری (پۆپجی)یەوە. ئارەزووی شەڕانگێزی و توندوتیژی بە شێوەی دەربڕین ئاراستەی دەوروبەرەکەیان بکەن.

بە پشت بەستن بە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە: توێژەر گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە ڕەفتاری شەڕەنگێزی لای بەشێك لە منداڵان و هەرزەکارانی بەکارهێنەری یاری پۆپجی لە ئاستێکی بەرزدایە. هەرچەندە ئەنجامەکانی( One way anova, Independent smaplet.test) ئەوە دەخاتەڕوو کە پەیوەندیەکی ئاماری گرنگ لە نێوان ڕەفتاری شەڕانگێزی هەیە لە ڕووی تەمەن و ڕەگەزی بەشداربوانەوە بوونی هەیە، بەڵام ڕەفتاری شەڕانگێزی هیچ پەیوەندیەکی بەرچاوی پەیوەست بە باری ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئاستی خوێندن، کاتژمێرەکانی یاری پۆپجی و شوێنی نیشتەجێبوونی بەشداربواندا نیە.

بۆ وەڵامدانەوەی ئامانجی دووەمی توێژینەوەکە: ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەخەنەڕوو، کە ڕەفتاری شەڕەنگێزی لای کوڕان زیاترە وەك لە کچان کە لە خشتەی ( 4A) دا ناوەندی ژمێریاری خراوەتە ڕوو بە ڕێژەی (3.9856) بۆ کوڕان و هەروەها (2.8000) بۆ کچان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە کوڕان زیاتر ئارەزووی ڕەفتاری شەڕانگێزی دەکەن وەك لە کچان. هەرچەندە نیشانەکانی ڕەفتاری شەڕانگێزی لای کچان کەمترە، ڕەنگە پەیوەندی بەوەوەبێت کە کچان بە ڕێژەی کەمتر بەشداریان کردبێت لە توێژینەوەکە یاخود کچان کەمتر ئارەزووی یاری پەبجی دەکەن.

هاوشێوەی دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەکانی ئالقی و ئەوانی تر (2023) ئەوە دەخەنەڕوو کە یاری پۆپجی ئارەزووی شەڕانگێزی لای کوڕان زیاتر دەکات وەك لە کچان. هەرچەندە بەشێك لە توێژینەوەکانی پێشوو هۆکارەکانی ڕەفتاری شەڕەنگێزی بۆ فاکتەری ژینگەی وەك: سەرنجدان و لاسایکردنەوە و چێژبینینی تاك لە ئەنجامدانی شەڕانگێزی دەگێڕنەوە.

(Aljbour et al., 2020; Aljbour et al., 2024; Al-Fasfous et al., 2006)

لەژێر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەدا، ئەکرێت بوترێت کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی بە تایبەت سەرنجدان و تەماشاکردنی یاریە ئەلیکترۆنییەکان و بەتایبەت تر کاریگەی

کارەکتەری شەڕەنگێزی ناو یاری پۆپجی کاریگەری لەسەر منداڵان و هەرزەکاران هەیە. بە بەڵگەی ئەوەی ئەنجامی ڕاپرسی ئەم توێژینەوەیە (بڕگەکانی ١، ٢، ٨، ١٤، ١٦، ١٨، ٢٠، ٢٠) ئەوەیان خستووەتەڕوو، کە زۆر تەماشاکردنی یاری پۆپجی لەلایەن منداڵانەوە، بووەتەهۆی زیادبوونی ئارەزووی شەڕانگێزی بەرامبەر ئەندامانی خێزانەکانیان و کەسانی دەوروبەریان.

هەروەها ناوەندی ژمێریاری بۆ منداڵانی تەمەن (١١-١٣) لەچاو تەمەنەکانی تردا زیاترە، کە لە خشتەی(5A)دا خراوەتەڕوو(3.6073) . هەرچەندە توێژینەوەکانی پێشوو زیاتر باسی تەمەنی هەرزەکاری دەکەن بۆ ئارەزووی شەڕانگێزی و توندوتیژی بەتایبەت تەمەنی (١٣-١٥)ساڵی(Taqi. 2024). هاوشێوەی ئەم ئەنجامە نیشانەکانی ڕەفتاری شەڕانگێزی لە نێوە بەشداربووانی تەمەن (١٣-١٥) بوونی هەیە، بەڵام بە ئاستی تاڕادەیەك ناوەند دەستنیشانکراوە کە دەکاتە (2.8533).

هەربۆیە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەخاتەڕوو، کە ڕەفتاری شەڕانگێزی زیاتر لەناو ئەو منداڵانەدا باوە کە دایك و باوکیان ئاستی بژێویان ناوەندە و فەرمانبەرن بە ڕێژەی ناوەندە ژمێریاری( 3.0800، 3.0588)، بەڵام هیچ کام لە توێژینەوەکانی پێشوو ئەوەی نەخستووەتەڕوو، کە ئارەزووی شەڕانگێزی و توندوتیژی پەیوەندی بە باری بژێوی و پیشەیەوە هەبێت.

هەروەها توێژەر گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی بەرزترین ڕێژەی بەشداربووان، کە یاری پۆپجی دەکەن و ڕەفتاری شەڕانگێزیان هەیە پەیوەندی بە شوێنی نیشتەجێبوونەوە هەیە، بە نموونە شاری چەمچەماڵ و کەلار ئاستێکی زیاتریان هەیە بە بەراورد بە شارەکانی تر کە دەکاتە (3.1089،3.0873).

لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەخاتەڕوو، کە پەیوەندی هەیە لە نێوان یاری پۆپجی و ئاستی خوێندنی قوتابیەکان بە نموونە: ئەو قوتابیانەی لە قۆناغی ناوەندین زیاتر ڕەفتاری شەڕانگێزیان هەیە (3.2280). بە بەراورد بە ئاستەکانی تری خوێندن. هاوشێوەی ئەم دەرئەنجامە توێژینەوەکانی پێشووتری وەك (ڕەحیم و ئەوانی تر، 2023: تاقی، 2024) ئەوەیان خستوەتەڕوو شەڕانگێزی لەناو هەرزەکاراندا باوە. و بە پێچەوانەوە توێژینەوەی صوالحە و ئەوانی تر، 2016 ) زیاتر باسی ڕەفتاری شەڕانگێزی دەکات لە قۆناغی باخچەی ساوایاندا.

لەلایەکی ترەوە، ئەم توێژینەوەیە ئەو ئەنجامەی خستوەتەڕوو، کە ڕەفتاری شەڕانگێزی لە ناو ئەو منداڵانەدا باوە کە زیاتر لە (٥) کاتژمێر یاری پۆپجی دەکەن و ناوەندە ژمێریان دەکاتە (3.2280,3.0600)ھ

## بەشی پێنجەم
## ( پێشنیارەکان، ڕاسپاردەکان، سەرچاوەکان، پاشکۆکان)

### پێشنیارەکان

**لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا ئەم پێشنیاریانە دەخەینەڕوو:**

1. پێویستە توێژینەوەی زیاتر ئەنجام بدرێت لەسەر ڕەفتاری شەڕانگێزی لای منداڵان و هەرزەکارانی بەکارهێنەرانی (PUBG) لە قوتابخانە و خوێندنگەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی دایکان و باوکانەوە.
2. ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر بۆ قۆناغەکانی تری خوێندن وەك: باخچەی ساوایان و زانکۆ تا زیاتر لە هۆکاری ڕەفتاری شەڕانگێزی بەکارهێنەرانی یاری (PUBG)تێبگەین.
3. تا زیاتر شارەزای هۆکارو نیشانەکانی ڕەفتاری شەڕانگێزی بین، گرنگە تەنها پشت بە دیدی دایك و باوك نەبەسترێت، بەڵکو گرنگە بۆچون و دیدی قوتابی و مامۆستاش وەربگیرێت.
4. ئەنجامدانی تەنها ڕاپرسیەك کە (26) بڕگەیە بۆ بەشداربووان بەس نییە، بەڵکو ئەنجامدانی تێست و پێوانەکردنی زیاتر گرنگە بۆ زانینی ڕەفتاری شەڕانگێزی لای قوتابیان و خوێندکاران.
5. لەبەرئەوەی تەنها چەند قوتابخانە و خوێندنگەیەکی حکومی لەم توێژینەوەیەدا وەرگیراوە، پێشنیار بۆ توێژینەوەکانی تر دەکەین کە باخچە، قوتابخانە و زانکۆ تایبەتەکانیش وەربگیرێت تا زانیاری زیاتر و جیاوازی زیاتر دەربارەی کەسایەتی قوتابیان و خوێندکاران بدۆزرێتەوە.

### ڕاسپاردەکان

1. بەشی تیۆری و ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەخەنە ڕوو سەرنجدان و زۆربەکارهێنانی یاری پۆپجی هۆکارن بۆ زیادوونی ڕەفتاری شەڕانگێزی منداڵان و هەرزەکاران، کەواتە پێویستە دایکان و باوکان و مامۆستایانە گرنگی زیاتر بە چالاکیە وەرزشی و کۆمەڵایەتیەکان بدەن تا نەوە تازە پێگەیشتوەکانمان لە مەترسیەکانی یاری پۆپجی دوور بکەونەوە.
2. پێویستە حکومەت بە تایبەت وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕێگری بکەن لە هاتنەناوەوەی یاریە ئەلیکترۆنیەکان بە تایبەت یاری (پۆپجی)کە خێزان و کۆمەڵگا تووشی شەڕەنگێزی و کوشتن دەکەن.
3. پێویستە لەسەر پەرلەمان و دام و دەزگاکانی یاسادانان، یاسای تایبەت بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و یارییە ئەلیکترۆنییەکان لەناویاندا پۆپجی. دەربکەن و قەدەغەی ئەو یارییانە بکەن کە دەبنە مایەی کێشە بۆ کۆمەڵگە.
4. پێویستە وەزاراتی پەروەردە و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی کار لەسەر دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بکەن، بە تایبەت بە دابینکردنی توێژەری دەروونی و پەروەردەی تا کار لەسەر کەمکردنەوەی ڕەفتاری شەڕەنگێزی ئەو قوتابی و خوێندکارانە بکەن کە بەهۆی یاری پۆپجیەوە تووشی لادانی ڕەفتاری بوونە.

### سەرچاوەکان


Al-Fasfous, A. (2006) Guidance for facing aggressive behavior among school students, first edition. electronic library, children of the Gulf, P 21-21.

Al-Hadlaq, Abdullah, (2013). The pros and cons of electronic games and the motivations for playing them from the point of view of higher education students in Riyadh, available at www.alukah.net.

Al-Hashash, Dalal (2008), The effect of playing electronic games on aggressive behavior among secondary school students in public schools in the State of Kuwait, unpublished master's thesis, Amman Arab University for Postgraduate Studies, Jordan.

Al-jbour, K., Almakhzoumi, O., Krishan, L., & Al-Brim, A. (2024). The Impact of Criminal Dangerousness on Criminal Penalties. Pakistan Journal of Criminology, 16(2).

Al-Zayoudi, Majid Muhammad (2015), The educational implications of children's use of electronic games as seen by teachers of parents of primary school students in Medina, Taibah University Journal of Educational Sciences, Volume 10, Issue 1, p. 16.

Al, R. A. H. M. T. (2024). PUBG game and its relationship to mental health among middle school students. Nasaq, 41(6).

Aljbour, R. Alkrimeen, A. Al-majali, M. (2020). The Relationship between PUBG and The Tendency to Violence among Children in the Jordanian Society from parents' Point of View: a Survey Study on a Sample from the Northern Region,. Journal of Humanities and Social Sciences, Volume 47, Issue 1.

Alvi, S. M., Asghar, S., & Alvi, S. Y. (2023). Relationship between Personality Traits and Aggression among Online Video Gamers. Journal of Management Practices, Humanities and Social Sciences, 7(2), 31-39.

Aprillia, H., Harsono, Y. T., Hapsari, A. D., & Qoyyimah, N. R. H. (2023). The Relationship Between the Intensity of Gaming and Aggressive Behavior in Adolescents Playing Games MMOFPS (Massively Multiplayer Online First-Person Shooter). KnE Social Sciences, 69-81.

Berkowitz, L. (2012). A cognitive-neoassociation theory of aggression. Theories of Social Psychology, 2, 99-117.

Calvert, S. L., Bond, B. J., & Staiano, A. E. (2014). Electronic game changers for the obesity crisis. Learning by playing: Video gaming and education, 220-331.

Cervone, D., & Pervin, L. A. (2022). Personality: Theory and research. John Wiley & Sons.

Eisner, M. P., & Malti, T. (2015). Aggressive and violent behavior. Handbook of child psychology and developmental science: Socioemotional processes, 3, 794-841.

Fiveable. (2024, August 1). Cognitive Neoassociation Theory – Social Psychology.
https://shorturl.at/pwSoJ.

Glassman, W., & Hadad, M. (2013). EBOOK: Approaches to Psychology. McGraw Hill.

Hammal, Fatima, (2012), Electronic games through new media and their impact on Algerian children, Master's thesis, Department of Science. Humanities, Faculty of Social and Human Sciences, Lakhdar University, Batna, Georgia.

Ramadhanu, R. P., Worang, F. G., & Wangke, S. J. (2022). A QUALITATIVE ANALYSIS OF MICROTRANSACTION AND CONSUMER BEHAVIOR OF ONLINE GAMES (CASE STUDY: PUBG MOBILE GAMES). Jurnal EMBA: Jurnal Riset Ekonomi, Manajemen, Bisnis dan Akuntansi, 10(4), 557-583.

Rehim, M., Al-tkhayneh, K., Zaitoun, E., & Khaled, A. (2023). The Effects of Electronic Games on Students' Academic Achievement in the United Arab Emirates from a Parental Perspective. Journal of Social Studies Education Research, 14(2), 217-235.

Rudaw(2019). Iraq parliament votes to ban 'threatening' video games like PUBG. URL: https://www.rudaw.net/english/middleeast/iraq/170420191. 17-04-2019.

Sawaliha, A. S., Owaimir, Y., & Alimat, A. M. (2016). Relationship between violent electronic games and aggressive behavior and social behavior of Preschool children.

Al-Quds Open University Journal for Educational and Psychological Research and Studies, 4(16), 177-196.

Taqi. R. (2024). PUBG game and its relationship to mental health among middle school students. Nasaq, 41(6).

Word Health Organization (WHO),. (2025). Child & Adolesnt. URL: https://shorturl.at/E0SNk.

# پاشکۆکان

## پاشکۆی (1)

**جێگیری فۆرمەکە بە شێوەی دابەشکردنی نیوەیی - Split-Half) دەخاتەڕوو**

| ژمارە N | ڕاستکردنەوەی هاوکۆلکە بە هاوکێشەی سپێرمان –براون Spearman – Brown Coefficient Equal Length | هاوکێشەی پەیوەست پێش ڕاستکردنەوە معامل الارتباط قبل التصحيح Correlation Between Forms |
|---|---|---|
| 16 | 0.86 | 0.82 |

## پاشکۆی (2)

**جێگیری فۆرمەکە بە شێوەی دابەشکردنی نیوەیی - Split-Half) دەخاتەڕوو**

| ژمارەی پرسیارە نا دروستەکان و گۆڕانکاری | ژمارەی پرسیارە دروستەکان | پسپۆڕی | شوێنی کار | ناوی شارەزایان Experts | ژ |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 25 | پەروردە و دەروناسی | زانکۆی چەرموو | پ. ی. د. ايوب خسرو | 1 |
| 3 | 23 | پێوان و هەڵسەنگاندن | زانکۆی صلاح الدين | پ. ی. د. وەليد بابان | 2 |
| 10 | 16 | پەروردە و دەروناسی | زانکۆی سلێمانی | پ. ی. د. عبدالصمد احمد | 3 |
| 11 | 15 | پەروردە و دەروناسی | زانکۆی سلێمانی | پ. ی. د. نەزيرە محمد | 4 |
| 9 | 17 | پەروەردەی تايبەت | زانکۆی سلێمانی | د. ئاڤان عبداللە | 5 |
| 0 | 26 | سایکۆلۆژی | زانکۆی چەرموو | د. فەرمان علی محموود | 6 |
| 0 | 26 | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی چەرموو | د. زانا عثمان | 7 |
| | 148 | | | | |

کۆی گشتی پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسی = 26

کۆی گشتی پرسیارەکان = کۆی = 26 x7 = 182

ئاستی متمانە = 148÷ 182x 100 = 0.82

ئەم ژمارەیەی سەرەوە بەڵگەیە بۆ ڕاستی و درووستی فۆرمی توێژینەوەکە کە گونجاوە بۆ پێوانی نیشانەکانی ئارەزووی توندوتیژی لای بەشداربوان .

**پاشکۆی (3)**

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی چەرموو

کۆلێژی پەروەردە

بەشی پەروەردەی تایبەت

**بابەت/ فۆڕمی ڕاپرسی شارەزایان**

بەڕێز ..............................................

سڵاوی زانست...

توێژەر دەیەوێت توێژینەوەیەك ئەنجام بدات لەژێر ناونیشانی ( ڕەفتاری شەڕانگێزی لای منداڵان و هەرزەکارانی بەکارهێنەرانی PUBG لە قوتابخانەو خوێندنگەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی دایك و باوکانەوە، بۆ ئەم مەبەستە توێژەرهەستا بە ئامادەکردنی پێوەرێك بۆ بابەتەکە، بەو پێیەی کە بەڕێزتان شارەزان لەبواری دەرووناسی و پەروەردەی تایبەتدا، داوا لە بەڕێزتان دەکەین سەرنجی خۆتان پێشکەش بکەن لەسەر( گونجاوی و نەگونجاوی برگەکان و هەر تێبینیەکی دیکە. ئەم ڕاپرسیە ئامادەکراوە بە سوودوەرگرتن لە توێژنەوەی (الجبورو ئەوانی تر، 2020).

**تێبینی:** جێگرەوەکانی وەڵامدانەوەی ئەم پێوەرە بریتیە لە هەمیشە، زۆرجار، هەندێك جار، بەکەمی، بەهیچ شێوەیەك)

**پێناسەی یاری :PUBG**

PUBG کورتکراوەی PlayerUnknown's Battlegrounds ە. یارییەکی فرە یاریزانی ئۆنلاینە و لەلایەن کۆمپانیای PUBG Corporation پەرەی پێدراوە، و لقێکی کۆمپانیای یاری ڤیدیۆیی کۆریای باشوورە .Blueholeیارییەکی ئەکشن-کوشتنە کە ١٠٠ یاریزان بەشداری تێدا دەکەن و شەڕ دەکەن تەنها یەک یاریزان، دووانە، یان تیمێکی چوار کەسی دەمێنێتەوە (Ramadhanu et al., 2022)

هاوکاریتان جێگەی ڕێز و سوپاسە...

توێژەر

د. مریوان عبدالمجید محمد

**فۆڕمی ڕاپرسی**

| | بڕگەکان | گونجاو | نەگونجاو | |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دوای تەواوبوونی یاری پۆپجی منداڵەکەم هێرش دەکاتە سەر ئەندامانی خێزانەکەی (خوشك، برا) | | | |
| 2 | منداڵەکەکەم دوای تەواوبوونی یاری پۆپجی ڕەفتاری شەڕەنگێزی (هێرشکردن) بەرامبەر هاوڕێکانی ئەنجام دەدات | | | |
| 3 | بە هۆی یاری پۆپجی منداڵەکەم فێری هونەری فێڵبازی و شەڕکردن و زیادکردنی زانیاری دەربارەی جۆرەکانی چەک هەیە. | | | |
| 4 | یاری پۆپجی وایکردوە منداڵەکەم ئارەزووی شەڕکردنی لە گەڵ هاوتەمەنەکانی هەبێت | | | |
| 5 | لە کاتی دۆڕانی یاری پۆپجی منداڵەکەم توڕەدەبێت و شت دەشکێنێت | | | |
| 6 | یاری پۆپجی وایکردوە منداڵەکەم کەرەستەکانی شەڕکردن(چەقۆ، دەمبۆکس، دەمانچە) هەڵبگرێت. | | | |
| 7 | یاری پۆپجی وایکردووە منداڵەکەم ئارەزوو بکات کەسایەتی وەك کارەکتەرە شەڕانگێزەکانی ناو پۆپجی بێت | | | |
| 8 | منداڵەکەم خەیاڵی لای شەڕ(ئەکشن)ی یاری پۆپجیەو بیری لێدەکاتەوە | | | |
| 9 | دوای تەواوبوونی یاری پۆپجی منداڵەکەم قسەی ناشرین (جنێودان)لەگەڵ کەسانی تردا بەکاردێنێت. | | | |
| 10 | پۆپجی وایکردووە منداڵەکەم لە دایك و باوکی توڕەبێت و ڕێزیان نەگرێت | | | |
| 11 | لە کاتێکدا منداڵەکەم یاری پۆپجی دەکات ئارەزووی لێدانی کەسانی تر دەکات | | | |
| 12 | لەکاتی یاری پۆپجیدا منداڵەکەم هاوار دەکات و دەنگ بەرز دەکەنەوە بەرامبەر کەسانی تر. | | | |
| 13 | منداڵەکەم لە دوای تەواوبوونی یاری پۆپجی هێرشی جەستەی دەکاتە سەر کەسانی تر. | | | |
| 14 | یاری پۆپجی وایکردووە منداڵەکەم ڕەفتاری شەڕەنگێزی (هێرشبردن)ی کارئەکتەرەکانی پۆپجی دووبارە بکاتەوە. | | | |
| 15 | بەهۆی بەکارهێنانی پۆپجیەوە منداڵەکەم تووشی ڕەفتاری لادانی وەك (دزیکردن) بووە. | | | |
| 16 | لە دوای یاری پۆپجی دەستەواژە - ئاماژەی ئازاردانی کەسانی تر بەسەر قسەکانی منداڵەکەمدا. | | | |
| 17 | پۆپجی وایکردوو کە منداڵەکەم زمانی هەڕەشەکردن لە دژی کەسانی دیکە بەکار بهێنێت. | | | |
| 18 | خووگرتن بە پەپجی وایکردووە منداڵەکەم سووکایەتی بە کەسانی تر دەکات. | | | |
| 19 | لەو کاتەوەی منداڵەکەم یاری پۆپجی دەکات لەڕووی جەستەییەوە زیان بە کەسانی تر دەگەیەنێت. | | | |
| 20 | بەکارهێنانی پۆپجی وایکردووە منداڵەکەم بە زمانی ناشیرین وەسفی کەسانی تر دەکات. | | | |
| 21 | بەهۆی بەکارهێنانی پۆپجیەوە منداڵەکەم بیر لە کوشتنی کەسانی تر دەکاتەوە | | | |
| 22 | پۆپجی وایکردووە دەستەواژەی سەرکەوتن زاڵبێت بە سەر قسەکانی منداڵەکەمدا. | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | لەو کاتەوەی منداڵەکەم یاری پۆپجی دەکات هەستی میهرەبای لە دەست داوە | | | |
| 24 | دوای تەواوبوونی یاری پۆپجی منداڵەکەم سەردانی ئەو شوێنانە دەکات کە ڕەفتاری شەڕەنگێزی تێدا ئەنجام دەدرێت | | | |
| 25 | لە دوای یاری پۆپجی منداڵەکەم ئارەزووی خوێن ڕشتنی کەسانی تر دەکات. | | | |
| 26 | بەهۆی بەکارهێنانی پۆپجیەوە منداڵەکەم هاوڕێی شەڕەنگێزی زۆر بووە. | | | |

1. ناوی سیانی مامۆستا (شارەزا) : ..............................
2. پسپۆڕی: ..................................................
3. پلەی زانستی: ............................................
4. شوێنی کار: زانکۆی ....................................

## پاشکۆی (4)

نوسراوی ڕاگرایەتی کۆلێژی پەروەردە پیشان دەدات کە ئاراستەی هەندێك لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی پەروەردەی (سلێمانی، هەولێر، دهۆك، هەڵەبجە، کەلار، چەمچەماڵ، دەربەندیخان، زاخۆ، ڕاپەڕین) کراوە بە مەبەستی هاوکاری توێژەر تا توێژینەوە ئەنجام بدات.


هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی چەرموو
کۆلێژی پەروەردە
نوسینگەی ڕاگر

CHARMO
Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
Charmo University

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة جرمو
كلية التربية
مكتب العميد

No:
Date:

ژمارە: ٦٤٢
ڕێکەوت: ٢١/ ٤ / ٢٠٢٤ی زایینی
/ / ٢٧٢٣ی کوردی

**بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکانی (سلێمانی-هەولێر-دهۆك-کەلار-ڕاپەڕین-زاخۆ-دەربەندیخان-چەمچەماڵ-هەڵەبجە)**
بابەت/ هاوکاری

پاش ڕێزو سڵاو...
داواکارین لەبەڕێزتان ڕەزامەندی بفەرموون بەهاوکاری کردنی بەڕێز (د. مریوان عبدالمجید محمد) مامۆستا لەکۆلێژمان بەمە بەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەك بەناونیشانی (پەیوەندی نێوان یاری پۆبجی - PUBG و ئارەزووی توندوتیژی لای منداڵان وهەرزەکان لەقوتابخانەو خوێندنگاکانی هەرێمی کوردستان) لەقوتابخانەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتییەکانتان.

لەگەڵ ڕێزدا...

ب. د. خلیل رشید أحمد
ڕاگری کۆلێژ

وێنەیەک بۆ:
- نوسینگەی بەڕێز ڕاگر.
- دۆسیەی دەرچوو.

Iraq - Kurdistan Region – University of Charmo Presidency - Chamchamal
Phone: 0662567603
Email: dit@charmouniversity.org

## پاشکۆی (5)

فۆرمی ڕاپرسی (گوگڵ فۆرم)ی بەشداربوانی توێژینەوەکە پیشان دەدات بەشێوەی ئۆنلاین کە (دیمۆگرافیای بەشداربوان و (٢٥) پرسیاری توێژینەوە بە شێوەی ئۆنلاین لە خۆدەگرێت.

